

# زیگمۆند باومان؛ ئەو کۆمەڵناسەی کاریگەریی لەسەر نەوەیەکی پارتی کار بەجێهێشت


ڕاندیب ڕامیش

وەرگێڕانی: خەڵات عەلی

**«ڕوانگە و تێڕوانینی زیگمۆند باومان بۆ مرۆڤایەتی، لە میانی گەڕانیدا بەدوای بازاڕدا، سەرۆکی پارتی کرێکاران بووە ڕێنیشاندەری». (ئید میلیباند)**

**«لە ئاسۆدا هەلێک بەدیدەکرێت کە پارتی کار لەژێر ڕابەرایەتیی (ئید میلیباند) دا دەبووژێتەوە و لەسەر دوو پێی خۆی ڕادەوەستێت». (زیگمۆند باومان)**

(زیگمۆند باومان) یەکێکە لە کۆمەڵناسە هەرە کاریگەرەکانی جیهان، کە لە ڕێگەی مەعریفە باڵاکەی و مێشکە ماندوونەناسەکەیەوە کۆمەڵە ئارگومێنتێکی ناوازەی هێناوەتە ئاراوە، هەر لە کۆمەڵکوژیی هۆلۆکۆستەوە بۆ ڕۆژهەڵاتییەکان و لەوێوە بۆ پەیوەندییە سۆزدارییەکان و تەنانەت بابەتی نایەکسانیی لە جیهاندا.

وێڕای ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمیی لە ساڵی 1990ـەوە وەک مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی «لیدز» خانەنشین کراوە، بەڵام هەتاوەکو پێش مردنیشی کە تەمەنی نزیکەی 90 ساڵ بوو سەرقاڵی بەرهەمی نوێ بوو. ساڵانە لە ماڵەکەی خۆیەوە کە دەکەوێتە نزیک ناوچەی یۆرکشایەر و لە میانەی کتێبێکەوە مەعریفەی خۆی بە خوێنەرانی دەگەیەنێت، یەکێک لە دوایین کارە گرنگەکانیشی کتێبێک بوو بە ناوی «44 نامە لە جیهانێکی شلی بەشارستانیبووەوە»، کە پێکهاتووە لە کۆمەڵە ستوونێک کە پێشتر لە ڕۆژنامەی «لا ڕیپۆبلیکا»ی ئیتاڵیدا بڵاوبوونەتەوە، هەموویان گوزارشتن لە ڕووداوگەلێکی گرنگ و مەترسیدار، بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی لە تویتەر و ئیلیەتی فەرهەنگیدا ڕوودەدەن. ئەستێرەی باومان کاتێک زیاتر ڕووی لە گەشانەوە کرد کە زانکۆی لیدز پەیمانگای باومانی کردەوە بۆ کۆمەڵناسی، لەو مەڕاسیمەدا سەدان کەس ئامادەبوون بۆ گوێگرتن لە قسەکانی باومان کە بەو بۆنەیەوە پێشکەشیکردن.

جگە لە بەریتانیاش ئەستێرەی باومان لە هەموو جێگەیەک ڕووی لە گەشانەوە بوو، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەک نەکردنی سیاسییەکان بە تیۆرە گشتگیرە گەورەکان، کە ڕاڤەی ئەوە دەکات بۆچی وەها دەکەن و چی دەکەن، بەپێچەوانەی کۆمەڵناسی بەناوبانگ (ئەنتۆنیۆ گیدنز)، کە چووە سەر ڕێگەی سەرۆکی ئەوکاتی پارتی کرێکاران (تۆنی بلێر).

وەک دەزانین هەموو شتێک تا سەر نییە و ئەگەری گۆڕان لەئارادایە، پاش ئەوەی (ئید میلیباند) بووە سەرۆکی پارتی کرێکاران هەموو شتێک گۆڕا، ئەم سەرۆکە تازەیە شیکارییەکی باومانیی پەیڕەو دەکرد و باسی لەوە دەکرد حزب لە میانەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی بازاڕەوە لایەنە مرۆڤایەتییەکەی لەدەستداوە، باومان لەم بارەیەوە باس لەوە دەکات کە یەکەم گوتاری (میلیباند) جۆرە هاندانێکی پێوە دیار بووە، هاوکار بووە لە دروستکردنی هەلێک بۆ بووژاندنەوەی لایەنە ئەخلاقییەکە، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە ڕوانگەکانی میلباند بۆ کۆمەڵگە گەلێک تازە و دەرکەوتوون، بەجۆرێک کە هاوسۆزییەکی زۆری لەگەڵ کەسانی لاواز و ستەملێکراودا هەیە، هەروەها میلیباند درک بەوە دەکات کە پێوەری بەهێزی و پێکەوەیی کۆمەڵگە لە ڕێگەی ژیانی خەڵکانی سادە، لەبری چینی ناوەند یان ئەوەی بە چینی خۆڵەمێشیی دادەنرێت.

ڕابردوویەکی هاوبەش هەیە لەنێوان (باومان) و (میلیباند)دا

(ڕالف میلیباند)ی باوکی (ئید میلیباند) لە قوتابخانەی ئابووریی لەندەن چاوی بە زیگمۆند باومان دەکەوێت، دوو هاوڕێی نزیک بوون لە ساڵانی پەنجای سەدەی بیستەم، هەردووکیان هاوپسپۆڕ بوون، واتە دوو هاوڕێی کۆمەڵناس بوون، هەردووکیان سەر بە هەمان ڕیشەی جولەکەی پۆڵەندیی بوون و لە دەست دیکتاتۆریەت و ستەمکاری هەڵهاتبوون، میلیباند کاتێک لە ساڵی 1940 سوپاکەی هیتلەر لە بەلژیکا بەرەوپێشەوە دەڕۆن بەخێرایی هەڵدێت و ژیانی خۆت ڕزگاردەکات، بەڵام باومان کاتێک لە پۆڵەندا دەرکرا

كە كۆمۆنیستەكان لە ساڵی 1968دا دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت.

میلیباند ساڵی 1972 بڕیاریدا بچێتە بەشی زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی لیدز، كە لەوێ باومان دەستیكرد بە گوتنەوەی كۆمەڵناسی، ئەمەش زیاتر پەیوەندییەكانی ئەو دوو هاوڕێیەی پەرەپێدا، بەجۆرێک كە ماڵەكەی باومان لە لیدز بووە پەنایەک بۆ لەخۆگرتنی منداڵەكانی میلیبناد، هەریەكە لە (ئید میلیباند) و (دەیڤید میلیباند) بە گوێگرتن لەو ئەكادیمیانە گەورەبوون كە گفتوگۆیان لەسەر چارەنووسی پارتە چەپەكە دەكرد.

باومان هەردوو براكە (دوو كوڕەكەی میلیباند)ی لەناو ئەو جەماوەرەدا بینییەوە كە ئامادەی ئەو ڕێزلێنانە بوون كە بۆرسەی لەندەن بۆ باوكیان ڕێكیخستبوو، تێیدا باومانیش سێ وانەبێژیی پێشكەش كرد، لەوێدا دانی بەوەدا نا كە بەڕاستی كوڕەكانی میلیباند بەشێک بوون لە گفتوگۆ جدییەكان، ئەمە جگە لەوەی باسی لەوە كرد هەر نزیک لە خۆی دەمێننەوە.

(نیل لۆسن)ی سەرۆكی كۆمەڵەی فشاری پێشكەتووخواز، كە دوای ئەوەی لە ڕابەرایەتیی پارتی كرێكاران بێهیوابوو لەژێر سایەی (گۆردن براون) و (پیتەر ماندلسۆن)، ساڵی 1998 دەستیلەكاركێشایەوە، دەڵێت:

«بانگهێشتەكەی میلیباند تەواو جێدەست و كاریگەریی باومانی پێوەدیارە! من ئەوە دەزانم لەبەرئەوەی ئید میلیباند ئەو كەسە كارتێكراوە بوو كە لەگەڵ ئایدیاكانی باوماندا دەرگیر بووبوو! ئەو سووربوو لەسەر ڕاگرتنی ئەوانەی باوەڕیان وایە لەژیاندا زیاتر لە ناواخنێک هەیە، هەروەها بەرگریكردنی خۆی لە درووشمەكانی كۆمەڵگە و ئینتیما و هاووپشتی دووپاتدەكردەوە، بەڵام نەبوونی ئەم جۆرە شتانە وەهای لێكردم پارتی كرێكاران جێبهێڵم».

باومان كە ژیانی وەک باوەڕدارێكی كۆمۆنیست دەستپێكرد، گرانە لە ڕیزی كەمینەیەكی چەوساوەدا پۆلێن بكرێت، پاشان وەک شێكەرەوەیەكی پزیشكیی شەرعی، هەربۆیە ئێمە هاوڕا نین لەگەڵ بۆچوونی هەندێک لە زانایانی كۆمەڵناسییدا كە هیچ گرنگییەک لە كارەكانی باوماندا نابینن. بۆ نموونە: تیۆرەكەی هەستاوە بە خستنەڕووی ئەو ئایدیایەی كە سیستەم تاكەكان دروستدەكات نەک بەپێچەوانەوە، مامەڵەكردنی مرۆڤ لەگەڵ كۆمۆنیزم و مەسرەفگەرایی، یاخود لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی دەیانەوێت كۆنترۆڵی عەوام و بەرهەمی نوخبە بكەن، شتێكی گرنگیی پێنەدراوە!

كۆمەڵگەی خۆرئاوایی بەدوای ترسان و تۆقاندنی خەڵكی گشتییەوەیەوە و دەیەوێت لە ڕێگەی دروستكردنی ترس

**باومان هەمیشە بایەخی بە سیاسەت داوە، یەكەمین ڕەخنەكانی ئەوكاتە دەركەوت كە ڕەخنەی لە حزبی كۆمۆنیستیی پۆڵەندیی دەگرت لە پەنجاكانی سەدەی بیست لەسەر بیرۆكراسییەتە تەشەنەسەندووەكەی و سەرككوتكردنی هەر كەسێك كە پێچەوانەی بێت**



و چاوبەستکردنیانەوە بۆ بازاڕکردن بەلای خۆیدا ڕاپانبکێشێت، کاری باومان لەمڕۆدا فۆکەسی خستۆتە سەر ئەم وەرچەرخانە لە ئەخلاقیاتی کارەوە بۆ نەتەوەیەکی بەکاربەر و مەسرەفکەرا، کە بەبێ هیچ هۆشیارییەک تا هەتاهەتایە کاردەکات، ئەمەش دەبووە مایەی بێزاریی باومان.

بەڵام ئەوانەی هاوڕا نین، بەم شێوەیە ناونراون: بێدەسەڵاتەکانی کۆمەڵگە!

باومان هۆشداریی دەدات لە دارمانی کۆمەڵگە لەو ئاستەی پێیگەیشتووە لە ڕێگەی بەهای باڵای هاونیشتیمانییە بەرپرسیارەکانەوە بۆ بەکاربەرە خودگەراکان.

هەربۆیە شتێکی سەیر نییە کە ئەوە بە تاریکاندن وەسفبکەن! بەڵام ئەوەی دەکەوێتە ناو ڕووبارەوە، ناتوانێت ڕوونیی ئاوەکە لێڵ بکات! بۆ نموونە دەبینین لە ڕێگەی جەختکردنەوەی لەوەی درۆیەکی ڕووتە، بۆچوونی خۆی دەربارەی بزاڤی کۆمەڵایەتی دەردەبڕێت، لەبەرئەوەی تاکەکان لە بارێکدا نین بتوانن پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا هەڵبژێرن، هاوکات مەسەلەی ویژدان تەنها پەردەیەکە بۆ داپۆشینی ڕووخسارە ناشیرینەکەی کە ئاماژەیە بۆ نەبوونی هاوکاری، مەگەر تەنها لەناو چوارچێوەی ڕیفۆرمگەراییدا نەبێت.

کاتێک پرسیاری لێکرا سەبارەت بە قومارەکەی دەیڤد کامیرۆن، کە ڕایگەیاندبوو گەلی بەریتانی دەتوانن لە ڕێگەی ئازایەتیی ئەخلاقیی و پرۆژەکانی خۆپەرەپێدان کەرەستەی پێویستی خۆیان بەدەستبهێنن، لەبری ئەوەی بە شێوەیەکی تەمبەڵانە پشت بە دەوڵەت ببەستن.

لەژێر پەردەی بزەیەکی سەرسامکەردا ڕوونیکردەوە کە کاتێک دەنگدەران دەیانەوێت بەبێ هیچ کەرەستەیەک ئاڵوگۆڕ بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان بگەن! لە چیرۆکی ئەو گەلەدا دەچێت کە سوڵتانەکەیان داوایان لێدەکات قەڵایەک بونیادبنێن بەبێ ئەوەی تۆپخانەیان بۆ دابینبکات.

### پاڵەوانەکانی ناسەقامگیریی

وەڵامی باومان نیگەرانکەر بوو کاتێک پرسیاری لێکرا سەبارەت بە هەڵبژاردنی پاڵەوانە سیاسییەکان، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت لە کارە سەرەکییەکەیدا دەربارەی هۆلۆکۆست ئیلهامی لە کارل شمیت وەرگرتووە، کە کارەکتەرێکی سیاسییە و هاوبەندییەکی گەرم و گوڕی بە هیتلەرەوە هەیە، کە دەڵێت گرنگترین ڕۆڵی حکومەت بریتییە لە ناسینی دوژمن، ئەمەش کارێکە باومان پێیوایە درێژکراوەی قسەکانی ئەمرۆمانە سەبارەت بە دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی.

ساڵی 1989 باومان گەیشتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە کوشتنی ملیۆنان کەس لە جولەکەکان، بە دوایین کاری نازییەکان یاخود گروپێکی شەڕخواز دانانرێت، بەڵکو بریتییە لە کۆتایی بیرۆکراسییەتی مۆدێرن، کاتێک سەرشۆڕی لە سەروو هەموو شتێکەوە بوو!

هۆلۆکۆست -بە قسەی باومان- نموونەی خوێنڕێژیی دەوڵەتی مۆدێرنە، کە هەوڵی توندکردنەوەی ڕژێم دەدات لە ڕێگەی چاندنی ترس لەناو بێگانە و ئەو کەسانەی لە دەرەوە دێن، بەجۆرێک کە حکومەت هەڵدەستێت بە دوورخستنەوەی کۆمەڵە کەسێک، کە بە هیچ جۆرێک پارێزراو نین، هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەی لە ڕێگەی ترسەوە دەستدەکرێت بە گەمەکردن، کاتێکیش خۆشگوزەرانیی دەوڵەت دەکەوێتە قەیرانەوە، پێویستە هەست بە نیگەرانیی بکەین لە داهاتوویەکی وەها جا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێت. بەپێچەوانەی سەرکەوتنی لە کایە پرسیارئامێزەکاندا، دەبینین کە باومان گەشبینە بەرامبەر توانستەکانی خۆی بۆ دۆزینەوەی ئەو وەڵامانەی پەیوەستن بەم کێشانەوە، سەرەڕای نیگەرانییەکانی دەربارەی قەتیسبوونی کۆمەڵناسی لەنێوان نزمبوونەوەی ئاستی خوێندکارەکانی و ئەوانەی بەدوای ناوبانگ و فەیلەسوفبووندا

دەگەڕێن، لەبری ئەوەی پەیوەست بن بە ئازادی و هاوکاریی تاک، هەر ئەمەشە کە پێشتر باسمان لێکرد. بە چاوپۆشین لە ئاستی باومان لە خستنەڕووی ڕەخنەی جدیی بەبێ پێشکەشکردنی چارەسەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆتە دەنگێکی گرنگ لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە هەژارییەوە، داواکارییەکانی بۆ ئەوەی داهاتی هاونیشتیمانییان بەجۆرێک بێت کە ژیانێکی ئازادانە بژی.

گواستنەوەی پارە و پول بۆ هەژاران، ئەو بەربەستە لادەبات کە بۆتە پارێزەرێکی گەورەی نەبوونی ئاسایشی ئابووری لە چەشنی تامی ئازادیدا، دوای چەندین ساڵ ئەم هەستە، پاڵی بەو کەسانەوە نا کە لە خوارەوەی پلەبەندیی موچە و کرێدا بوون، هەتاوەکو پشتیوانیی میلیباند بکەن.

باومان هەمیشە بایەخی بە سیاسەت داوە، یەکەمین ڕەخنەکانی ئەوکاتە دەرکەوت کە ڕەخنەی لە حزبی کۆمۆنیستیی پۆڵەندیی دەگرت لە پەنجاکانی سەدەی بیست لەسەر بیرۆکراسییەتە تەشەنەسەندووەکەی و سەرککوتکردنی هەر کەسێک کە پێچەوانەی بێت، شیکارییە لۆژیکییەکەشی بۆ ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە، بریتییە لە خواستی تاکانەی کۆمۆنیزم بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا.

**بەبێ سەرئێشە**

پاش دەیەیک لە داهێنان، کە دواتر هەر ئەم داهێنانە بووە مایەی وەدەرنانی لە نیشتیمانی دایک و لەدەستدانی پۆڵەدا، بەڵام دواجار گەیشتە بە یۆرکشایەر، هەر لەم بارەیەوە ساڵی 2007 بڵاوکردنەوەی وتارێک لە ڕۆژنامەیەکی پۆڵەندیی ڕەتکرایەوە، کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد باومان تەنها بەکرێگیراوێکی دەزگای هەواڵگریی پۆڵەندییە بۆ داماڵینی ڕژێمەکەی لە هەموو دەنگێکی نەیار و ئۆپزسیۆن.

باومان لەم بارەیەوە دەڵێت ئەوە وتارێکی هەڵەیە، ڕەنگە پشتی بە گریمانە و پێشبینییەکان بەستبێت لەبری بەڵگە و فاکتەکان، لەبەرئەوەی من لە سەردەمی هەرزەکارییمدا سەرباز بووم لە سوپای پۆڵەندا.

سەرەڕای دەیان ساڵ لە کەڵەکەبوونی سامانی هزریی، بەڵام باومان هیچ خواستێکی نییە بۆ هاوشان ڕۆیشتن لەگەڵ دەسەڵاتدا، بەڵکو جۆرە ڕەشبینییەکی تایبەتی خۆی هەیە لەو هەوڵەی حکومەتە هاوپەیمانێتییەکە بۆ بەخشینی رووخسارێکی مرۆڤانە بە رووکاری خۆی، بەم گوتەیەش هۆشداریی دەدات: «لەگەڵ تاتچەر و ریگاندا بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشتین».

لۆسۆن لەو باوەڕەدایە هەوڵەکەی (ئید میلیباند) بۆ دروستکردنی چەند لقێکی زۆر و زەوەند بۆ بیرکردنەوە لە پارتێکی چەپ، لەگەڵ جەختکردنەوە لە گۆشەنیگای سەرەکیی باومان، کە کارێکە دەکرێت بقۆزرێتەوە بۆئەوەی لەسەر ئاوازی هەستی گشتی مۆسیقای خۆی بژەنێت. لە کۆتاییشدا دەڵێت:

«کاتێک زیگمۆند باومانم خوێندەوە، هەردوو براکەی (واشۆسکی)ی فیلمی ماتریکسم بیرکەوتەوە، کاتێک وەهایان لە خەڵکی کرد هەست بەوە بکەن لە واقیعێکی بەکاربەرییدا دەژین، بەڵام لە ڕاستیدا جەستەیان تەنها پاتریی ئەو ئامێرەیە!».

**سەرچاوە: زیجمونت باومان «أبو الحداثة السائلة»، ترجمة:فريق ترجمة مجلة جيل جديد، 2017.**